# موقەدەس و شیعر

**چۆن شیعر موقەدەس بەرهەمدەهێنێت و موقەدەسیش شیعر؟**

زەردەشت نورەدین

ئایدیای "موقەدەس" هەمیشە یەکێک بووە لە ئایدیا بنچینیەییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە لە فۆرمەکانی خودا، کات، شوێن، شت و هەندێجار لەکەسەکانیشدا مانیفێستبووە و ڕۆڵوکارکردێکی حەیاتیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایی و هەروەها ڕێخستنی پەیوەندییەکاندا هەبووە. موقەدەس بەهێزترین و سەخترین ئایدیای مرۆڤ بووە. بەو مانایەی ڕەنگە تاکە ئایدیا بێت کە بەهەمان شێوە وەک خۆی بەگرنگی ماوەتەوە، سەرەڕای چاخە جیاوازەکان.

ئایدیای موقەدەس لە هەموو ئوستورەکان و دینە سەرەتاییەکان و دینە هاوچەرخەکاندا هەبووە و هەیە. هزر و کرداری موقەدەس لە ئوستورە و دینەکاندا هەبووە و هەیە و کرۆکی سەختی هێشتنەوەیان بووە. بە مانایەکی تر ئایدیای موقەدەس لە ڕێگەی هزر و کرداری موقەدەسەوە خۆی پاراستووە و درێژەی بە خۆی داوە و هاوکات میدیۆمەکەی خۆیشی هێشتۆتەوە و پاراستوویەتی. بۆ نمونە؛ دین موقەدەسی پاراستووە و هێشتویەتیەوە و موقەدەسیش دینی پاراستووە و هێشتوویەتییەوە. واتە پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان ئایدیای موقەدەس و فۆرمی دەرکەوتن یان مانیفێستبوونەکەیدا هەیە.

دابەشکاریی تەواوی جیهان بەسەر موقەدەس و ناموقەدەسدا لە ئیمێل دورکایمەوە دەستپێدەکات، هەرچەندە پێش دورکایم، لە ناو دینەکان و ئوستورەکاندا جیاکاریی نێوان موقەدەس و ناموقەدەس هەیە بەڵام وەک تویژینەوە لە دین لە دورکایمەوە دەستپێدەکات. لێرەدا ناکرێت باس لە هەموو ڕوانگەکان لەمەڕ موقەدەس بکرێت کە بە درێژایی مێژوو لەلای تیۆلۆژیستەکان، فەیلەسوفەکان و دینناسەکان و .... هتد گەڵاڵە بووە. بەکورتی ئاماژە بە چەند ڕامانیک لەسەر چەمکی موقەدەس دەکەین.

ڕۆدڵف ئۆتۆ، دین لەڕێگەی موقەدەسەوە پێناسەدەکات و پێی وایە دین ئەزموونێکی سەرسوڕهێنەرە لە حزووری هێزێکی موقەدەسدا شێوەوەردەگرێت و دروستدەبێت. ئۆتۆ سۆنگەیەکی خودی و سوبێکتیف بە شێوەوەرگرتنی دین دەبەخشێت کە پتر ڕۆمانتیکە. ئۆتۆ لە کتێبی "ئایدیای موقەدەس"دا، لینکێک لە نێوان ترس، خۆشەویستی، حەپەسان و ڕێزدا دروستدەکات و ئەو کۆهەستەی کە لەبەرانبەر هێزێکی نادیاردا دروستدەبێت، ئەوا ئەوە ئەزموونی هێزی موقەدەسە. ئەزموونکاری ئەزموونی موقەدەس لەڕێگەی ئەو کۆهەستەوە لە بەرانبەر موقەدەسدا(هێزە نادیارەکە) هەست بە جیاوازییەکی بنەڕەتیی ئۆنتۆلۆژی لە نێوان خۆی و موقەدەسدا دەکات. موقەدەس بە شێوەیەکی دەرەگەردوونی، سەرووسروشتی و دەرەزانین خۆی نمایشدەکات. ئەزموونکاری ئەزموونی موقەدەس هەست بە بچوکی و ڕاگوزەری و هیچێتیی خۆی لە ساتی ئەو ئەزموونەدا دەکات. بەم پێیەش ئیدی هەرگیز دەرفەت و ئیمکانی هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە لە موقەدەس بۆ ئەزموونکاری ئەزموونی موقەدەس ڕوونادات. بۆیە هەمیشە موقەدەس فۆرمێک لە نهێنی و هێز و مەزنێتیی ئەبەدی وەردەگرێت کە ناکرێت ڕەخنە بکرێت یان هەڵسەنگێنرێت.

موقەدەس لە ڕوانگەی میرچا ئەلیادەدا تا دواسنوری خۆی درێژدەبێتەوە و فراوان دەبێت. لە ئۆتۆ فروانتر لە موقەدەس دەڕوانێت و پانتایی موقەدەس بە قەد پانتایی بیرکردنەوەی مرۆڤ فراواندەکات. بەم پێیەش دەکرێت بڵێین موقەدەس لە هەموو فۆرمەکانی ئوستورەدا هەیە کە خۆی لە ڕەمز یان دەق یان ڕیتوال یان کەلتور و ... هتد خۆی بەرجەستە بکات. موقەدەس دەبێتە ئایدیایەکی بێشوێن و بێکات کە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەیە و پەیوەستە بە ڕوانگەی بینەری جیهانەوە واتە بۆ کەسی موقەدەسدۆست هەموو گەردوون بە جۆرێک موقەدەسە و دەتوانێت لە هەموو پنتێکی گەردووندا موقەدەس بدۆزێتەوە و ڕاڤەی بکات. لە ئەنجامی ئەم قسانەوە دەشێت پێناسەیەکی گشتگیری موقەدەس بکەین؛ موقەدەس بریتییە لە هەر

ئایدیایەک، شتێک، پەیوەندییەک، یان کاتێک کە لەسەروو سنوری هزراندن و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بێت و بۆی نەبێت ڕەخنەی لێبگرێت یان ڕەتی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا لەسەر بنچینەی کاملّی و بێخەوشی بنیاتنراوە. بۆیە دەشێت تەنیا بەرز ڕابگیرێت و ستایش بکرێت. بەدەربڕینێکی تر موقەددەس پانتاییەکە کە دەشێت تەنیا بگێڕدرێتەوە و پیشانبدرێت و بگوازرێتەوە بۆ ئەوی دی، نەک شیبکرێتەوە یان هەڵسەنگێنرێت یان هەڵبوەشێتەوە. بەو پێیەی موقەددەس بەرییە لە خەسڵەت و تایبەتمەندیی مرۆڤانە، ئەوا هەمیشە سەروومرۆڤ پیشاندەدات واتە موقەددەس گوزارشت لە لایەنە جاویدانی و ئەبەدییەکەی مرۆڤ دەکات.

پەیوەندیی نێوان خودا موقەددەس پەیوەندییەکی دوولایەنەیە و بەیەکدی کاریگەرن و یەکدی تۆخدەکەنەوە و یەکدی ڕێکدەخەن. بەڵام چەمکی موقەددەس لە چەمکی خودا فراوانترە لە دیندا، بە شێوەیەک هیچ دینێک نییە موقەددەسی تێدا نەبێت و موقەددەس و ناموقەددەسی لێک جودا نەکردبێتەوە. بەڵام دەشێت دین هەبێت خودای تێدا نەبێت یان بانگەشە بۆ خودا نەکات و گرنگی بە چەمکی خودا نەدات بەڵام هیچ دینێک نییە کە گرنگی بە چەمکی موقەددەس نەدات و سنورەکانی موقەددەس و ناموقەددەسی لێک جودا نەکردبێتەوە ئەگەرچی بە کاڵییش بێت. چەمکی موقەددەس فروانترین چەمکە لە دیندا کە دەشێت هەموو چەمکە دینییەکانی تر لەخۆبگرێت. دەتوانین بڵێین موقەددەس ستراکتوری گەردوونیی هەموو دینەکانە و هەروەها پنتی سەرەتایی و خاڵی دەسپێک و جووڵەی درووستبوونی هەموو دینەکانە. موقەددەس پانتاییەکە کە خودا جۆراوجۆرەکان تێیدا لەدایکدەبن و درووستدەبن.

میکانیزمی ئەزموونیی "تاقیکردنەوە و هەڵە" هەمیشە گرنگترین ئامراز بووە بۆ تێگەشتن و ناسینی دەوروبەر بە مەبەستی مانەوەی جۆر. غەریزەی مانەوە بنەڕەتیترین پاڵنەری گەڕان و ئەزموونی جۆربووە و لە ڕێگەی زانین و کەڵەکەبوونی ئەزموونەوە مانەوەی خۆی مسۆگەرکردووە. پانتایی تاقیکردنەوە و پاشان درووستبوونی ئەزموون، زیندووترین و بەردەستترین پانتایی کرداری مرۆڤ بووە. پاش ئەمە پانتایی بەراوردکاری و قیاس و بیرکردنەوەی هزرییانە گرنگیی خۆی هەبووە. مرۆڤ لەسەرەتاکانی ڕامانەوە بە هۆی هەلومەرجی ماتریالّی و هۆشیارییەوە نەیتوانیوە لە برگەی مێژووی خۆی و تەمەنی مرۆڤایەتی زیاتر هەڵکشێت بۆیە سەیر نییە کە سەرەتاکانی ئەزموونی ڕامانی مرۆڤ تەنراوە بە موقەددەس. هۆکاری ئەوەی کە پانتایی موقەددەس هەر لەبنچینەوە لە پانتایی ناموقەددەس جیاوازە دەگەڕێتەوە بۆ

ئەو کرۆکە نهێنیئامێز و نەزانراوەی دیاردە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤ. مرۆڤ لەڕێگەی میکانیزمی ئەزموونیی "تاقیکردنەوە و هەڵە" نەیتوانیوە هەموو شت بخاتە ناو پانتایی ئەزموونی تاقیکارییەوە. لەبەرانبەر ئەزموونی تاقیکارییدا ئەزموونی موقەدەس قوتدەبێتەوە و بە تاقیکردنەوەدا ناڕوات و نەفیی ئەزموونی تاقیکاری دەکات. بەڵام خەسڵەتی ئەزموون وەردەگرێت واتە ئەزموونێکی بێتاقیکردنەوە. ئەزموونێک کە بە تاقیکردنەوەی هەستە مەلموسەکانی مرۆڤدا ناڕوات و نابێت بە بەشیک لە ئەزموونی "تاقیکردنەوە و هەڵە". بۆیە هەر لەبنەڕەتەوە ئەزموونی موقەدەس سەر بە پانتاییەکی جیایە لە پانتایی مرۆڤانە ئەگەرچی لە جیهانی مرۆڤەکاندا بەرجەستەدەبێت بەڵام ئەو نامرۆڤانەییەی خۆی دەپارێزێت. ئەزموونی موقەدەس ئەزموونێکی بانسرووشتی و دەرەزانینی مرۆڤە و شێوە نهێنییەکی ئەزەلی وەردەگرێت. نهێنییەک کە بۆ دۆزینەوەی نهێنی نییە. نهێنیەک کە کرۆکی نەزانراوییە و مومکین نییە بزانرێت. بە مانایەک موقەدس بە زمانی "کانت" بریتییە لە ***شت لە خۆ-دا*** واتە نومێنەیە. لەم سۆنگەوە تەنیا دەتوانین دەرکەوتە و ڕواڵەت و مانیفێستبوونەکانی نومینە بزانین و هەرگیز ناتوانین خودی نۆمینە بزانین و ئەم نەزانینەش پەیوەست نییە بە هەلومەرجی ماتریاڵی و هۆشیاریی مرۆڤەوە و پابەندی ئاستی گەشەی زیرەکیی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و کەرەستەکانی زانینەوە نییە. بەڵکو ئەم نەزانینە خەسڵەتی ناوەکیی خودی نۆمینەیە کە نایەتە ناو زانینەوە و بۆ هەمیشەش دەرەزانین دەمێنێتەوە. وشەی نۆمینە لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و گوزارشت لەو هێزە خودایی یان ڕۆحانییە دەکات کە دەست بەسەر شت یان گەردووندا دەگرێت. پاش کانت ڕودۆڵف ئۆتۆ وشەی نومینۆس کە لە نۆمینەوە وەریگرتووە و بە مانای ئەزمونی موقەدەس بەکار دەبات. ئەمانەش ئەوە دەردەخەن کە موقەدەس لە بنەڕەتدا نەزانراوە و نهێنییە، نهێنیی ئەزەلی. ڤیتگنشتاین دەڵێت "شتێک کە نەکرێ قسەی لێوە بکرێت دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگ بیت" لەبارەی نۆمینەوە ناکرێت قسەبکرێت کەواتە دەبێت بەرامبەری بێدەنگ بین. نۆمینە لەبنەڕەتدا نەزانراوێکی ئەبەدییە و نابێت لە بارەیەوە بدوێین لەبەر ئەوەی لەبارەی شتێکەوە کە نەزانین  چییە بدوێین ئەوا بەزۆرترین ئەگەر هەڵە دەکەین. بەم پێیەش نازانرێت موقەدەس چییە و هەر لەسەرەتاوە پێش ئەوەی مرۆڤ بزانێت موقەدەس چییە دەبێت ئەوە بزانێت کە نازانێت موقەدەس چییە. لێرەوە موقەدەسدۆست لەبەرانبەر موقەدەسدا هەموو جۆرە ئیمکانی بیرکردنەوەی لێ زەوتدەکرێت و بۆی نییە بیری لێبکاتەوە و دەبێت موقەدەس وەک خۆی چۆن دەگێڕدرێتەوە بەو شێوە

وەری بگرێت. م وقەدەسدۆست هەست بەوە دەکات کە ئەو لە پێگەیەکدا نیە بزانێت موقەدەس چییە بەڵکو دەبێت ئەو لە ئەزموونی موقەدەسدا سەرسام و مەست بێت و هەست بە ترس و ڕازئامێزی و نهێنییەکی گەورە بکات کە ئەو نایزانێت چیە.

لەدەرەنجامدا موقەدەس فۆرمێکی نارەخنەیی وێنەیی نمایشی وەردەگرێت. موقەدەسدۆست تەنیا دەتوانێت هەستی پێبکات وەک خۆی.

سنوری موقەدەس و ناموقەدەس بە شێوەیەکی بنەڕەتی دوو جۆر پانتایی بوون لەیەک جیادەکاتەوە؛ پانتایی موقەدەس و پانتایی ناموقەدەس. هەرکام لەم پانتاییانە تەواو لەویدی جیایە و هاوکات پێوەی بەندە و هیچیان بەبێ ئەویتریان مانا نابەخشێت و هەردووکیان پێکەوە ڕۆڵوکارکردی یەکتر تەواودەکەن. موقەدەس هەمیشە پێویستی بە ناموقەدەسە بۆ ئەوەی خۆی وەک موقەدەس بە گوێرەی ئەو پیشان بدات و ناموقەدەسیش هەمیشە پێویستی بە موقەدەسە بۆ ئەوەی پەیوەندییە ناوخۆیەکانی خۆی پێ ڕێکبخات. موقەدەس ڕێکخەری پانتایی ناموقەدەسە.

موقەدەس لەبنەڕەتدا بریتییە لە فۆرم. فۆرمێکی تۆکمەی بەهێزی نارەخنەیی. بەدەربینێکی تر هیچ شتێک خوی لە خۆیدا موقەدەس نیە، بەلکو هەرشتێک لە کۆپەیوەندییەکدا، کە فۆرم دەیچنێت موقەدەس دەبێت و کۆپەیوەندییەکە لەسەرەتادا ناوەکی نییە و دەرەکییە و فۆرم دەیچنێت بەڵام پاش ئەوەی موقەدەس بوو ئەوا ئەو خەسڵەتە ڕوویەکی ناوەکییش وەردەگرێت و ئەمە ناکۆک نییە لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئوبێکت و شتێک پۆتانشێلی ئەوەی تێدایە ببێت بە موقەدەس و ئەم پۆتێنشاڵەش دیسان ناوەکی نیە و پەیوەندیی بە چییەتی و کواڵیتیی شتەکەوە نیە. بە دەربڕێنێکی تر موقەدەسبوون پێش ئەوەی کواڵیتیی ئوبێکت بێت بریتییە لە کۆپەیوەندیی ئەو ئۆبێکتە لەگەل ئۆبێکتەکانی تردا . پاشان مانای ڕەمزی وەردەگرێت. بۆ نمونە بەرد لە خودی خۆیدا موقەدەس نیە و ئیمکانی موقەدەسبوونی بەردەکە کاتێک ڕوودەدات کە ئەو بەردە دەچێتە نێو کۆپەیوەندییەک و لەو کۆپەیوەندییەدا فۆرمی موقەدەس وەردەگرێت و دەبێت بە موقەدەس. موقەدەسبوونی ئەو بەردە لە خودی بەردەکەدا نیە و بەڵکو لەو ئاماژە و دەلالەتە ڕەمزییانەدایە کە بەردەکە لە کۆپەیوەندییەکەدا وەریگرتووە. بەردەکە دالێکە بۆ دالێکی تری موقەدەس. بەم پێیەش پانتایی موقەدەس پانتاییەکی نیشانەناسیانەیە و لە واقیعدا خۆی ئەکچواڵ و بەرجەستەدەکات.

موقەدەس جورێکە لە گوتار. گوتارێک کە زمانێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت. کرۆکی موقەدەس لە زمانی موقەدەسدایە. موقەدەس لە پانتایی دەرەکییەوە دەستپێدەکات و لە زمانی موقەدەسدا کۆتایی پێدێت واتە موقەدەس کە لە زماندا فۆرمولە بوو ئەوا دەگات بە کۆتایی ڕەمزیبوونی و لە زمانەوە ئەزموونی موقەدەس دەستپێدەکات. زمانی موقەدەس فۆرمێکی دەربڕینە کە موقەدەسە و گوتاری موقەدەس بەرهەمدێنێت. بەشێک لە پانتایی نمایشکردن و دەرکەوتنی موقەدەس زمانە.

زمانی موقەدەس، زمانێکی نارەخنەیی خۆسەپێنی توندوتیژی موتڵەقە. زمانێکە هەموو بوون ڕادەکێشێتە ناوخۆیەوە و لە خۆیەوە لە هەموو شت دەڕوانێت. پەیوەندیی نێوان زمانی موقەدەس و پانتایی دەرەوەی موقەدەس پەیوەندییەکی تاکلایەنەی ناوەکییە واتە زمانی موقەدەس هەموو شتێک لە هەناوی خۆیدا ڕێکدەخات و دەیچنێت بە پانتایی ناموقەدەسیشیەوە، بەم پێیەش زمانی موقەدەس زمانێکی موتڵەقە.

لەبنچینەوە موقەدەس و ناموقەدەس جیان و موقەدەس سەر بە پانتایی ئەودیو مرۆڤ یان سەروومرۆڤە و مرۆڤ ناتوانێت لە چوارچێوەی موقەدەسدا لە چییەتی موقەدەس تێبگات بۆیە بەناچار دەبێت موقەدەس وەک خۆی وەرگرێت و وەرگرتنی موقەدەس بەهەمان شێوە وەک خۆی واتە خۆسەپاندنی زمانی موقەدەس و لە دەرەنجامی ئەم خۆسەپاندنەشەدا ڕەخنەکردن سەرکوتدەکرێت یان هەر لەبنەڕەتەوە دەرفەتی ڕەخنە لەبار دەچێت بۆیە زمانی موقەدەس نارەخنەییە.

زمانی موقەدەس زمانی شیعرە. زمانی شیعری، زمانی موقەدەسە. شیعر بەر لە هەرشتێک فۆرمە، فۆرمێکی وێنەیی نارەخنەیی، واتە فۆرمێک کە شیعر دەچنێت. لە فۆرمدا شیعر بریتییە لە گۆڕینی ئۆبێکت بۆ وێنە و گۆڕینی وێنە بۆ ئۆبێکت. هێزی شیعر لەو لینکەدایە کە وێنە بە وێنەوە یان وێنە بە ئۆبێکتەوە یان ئۆبێکت بە ئۆبێکتەوە دەنوسێنێت و پەیوەستدەکات. هێزی شیعر هێزێکی نارەخنەیی و ئوستورەییە. هێزێکی موتڵەقە. هێزێک کە دەتوانێت هەموو شتێک بکات و لە هەموو شوێنێک هەبێت و لە هیچ شوێنێکیش نەبێت. هێزێکە بۆ هەموو سەردەمەکانە و لە هیچ سەردەمێکیشدا نیە. هێزێکە لەدەرەوەی کات و شوێن بەڵام هەموو کات و شوێنی لە خۆیدا قەتیسکردووە. هێزێک کە مەحاڵ ناناسێت و

پابەندی هیچ ڕێسایەکی دەرەکی نییە جگە لە خۆی. ئەم گوزارانە لە بارەی هێزی شیعرەوە ئاشنان و لە مێشکی هەمواندا خودا بەرجەستە دەکات. هێزی شیعر بریتیە لە خودا. خودای نادیاری ناو زمانی موقەدەس، خودای خوڵقێنەری شیعر.

هیزی شیعر یان خودا تەنیا دەتوانێت لە زمانی موقەدەس و خودی شیعردا دەرکەویت و خۆی بە هەموو مەزنێتییەکەیەوە مانیفێست بکات. بەم پێیەش خودا لە جیهانبینیەکی شیعریدا و لە گوتاری موقەدەسدا دەتوانێت دەرکەوێت و لەو ئیمکان و دەرفەتەوە جیهان بخوڵقێنێت و مرۆڤ بئافرێنێت.

ئایدیای خودا ئایدیایەکی شیعرییە و خودا تەنیا دەتوانێت لە کۆنتێکستێکی شیعریدا مانادار بێت و لە زەمینەیەکی شیعریدا دەشێت بێتە کایەوە و ببێتە وێنەیەکی گەردوونی سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتی. خودا کاریگەرترین و دیارترین وێنەی شیعرییە لە مێژوودا.

خودا لە فۆرمدا هیچ نیە جگە لە میتافۆرێک – ئاڵۆزترین میتافۆرە کە تا ئێستا ،مرۆڤ بەرهەمیهێناوە – بە هەزاران شێوە ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە و بە هەزاران نوسخە و ڤێرژنی جیاواز باسکراوە و لە هەموو سەردەمێکدا خراوەتەڕوو. دەتوانین بڵێین خودا زیندووترین میتافۆرە و فرەڕەهەندترین وێنەی شیعرییە کە لە هەموو سەردەمێکدا دەرکەوتە و دانگدانەوە و ڕەنگدانەوەی هەیە. بۆ نمونە خودای خۆر، شیعرێکی ئۆنتۆلۆژی بووە کە بە گوێرەی هەلومەرجی ماتریالی سەردەمە جیاوازەکان و جوگرافیا جیاوازەکان لەمەڕ خۆر فۆرموڵەکراوە. مرۆڤ خۆر و کارکردەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ خۆی و سروشت و ئەوانیتردا لە ئایدیایەکدا هۆنیوەتەوە بەناوی ئوستورە کە شیعرێکی ئۆنتۆلۆژییە. بە دەربڕینێکی تر خودا، کواڵیتی و چەندێتیی گەردوونە لە ئەبستراکترین فۆرمدا. شیعر بە مانایەک لە ماناکان بریتییە لە ئەبستراکتکردنی ئۆبێکت بۆ فۆرم و هەڵکەندنی ئۆبێکتە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی بۆ مەنزوومەیەکی فۆرمی ئەبستراکت. بۆ نمونە؛

"تۆ خۆر نیت بەڵام خۆر غەمگینە کە تۆ خۆر نیت"

**************

"ئیشی من ئەوەیە دەریا تا سەر لێوی تۆ بێنم"

***************

" زەوی کچێتی تۆی دەفرۆشت بە بازرگانە چاوشینەکانی ئاسمان"

**************

"چەقۆ لەدەست ئەو درختانە دەربێنین کە لە باخچەی گشتیدا خۆیان کوشت"

*************

درەخت و چەقۆ لە مەنزوومەیەکی ئوستورەیی/شیعرییدا ڕێکخراوە و لە مەنزوومە ڕاستەقینەکەی خۆی هەڵکەنراوە. لە واقیعدا ئەگەری خۆکوشتنی درەختێک بە موتڵەقی سفرە و ئەگەر بە ملیاردەها ساڵ درەخت و چەقۆیەک لە تەنیشتی یەک دابنێین ئەوا ئەو ئەگەرە هەرگیز ڕوونادات ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر؛ خۆکوشتن سیفەتێکی مرۆڤانەیە کە لە زیندەوەرێکی تاقانەی ئاگامەندەوە واتە لە سوبێکتەوە دەکرێت ڕووبدات بەم پێیەش لێرەدا نامۆبوونێک ڕوودەدات، درەخت و چەقۆ وەک بەش(part) لە گشت(whole)ـەکەی خۆی دادەماڵرێت و ئەبستراکت دەکرێت و دەخرێتە گشتێکی ترەوە کە مەنزوومەیەکی تر دەچنێت کە ئیدی ئەو مەنزوومە واقعییەی خۆی نیە و درەخت و چەقۆ بێگانە بوون بە واقیع. بێگانەبوونی دووەم پاش بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو مەنزومەدا ڕوودەدات؛ کە دەبێت وەک مرۆڤێک لەو ئایدیا شیعرییە بڕوانرێت کە هەمان زیندوویەتیی سوبێکتی هەیە و توانیویەتی ئەکتی سوبێکتیڤ بنوێنێت واتە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئەو دێڕە شیعرە نامۆ کراوە. ئەم نامۆکردن و هەڵگەڕاندنەوە لە درێژەی هەوڵێکی ئەپیستمۆلۆژی یان پراکتیکیدا نیە کە بکرێت لە ڕێگەی میکانیزمی ناوەکیی خۆیەوە ئەو نامۆبوونە بڕەوێنرێتەوە.

کەواتە خودا وەک بنەڕەتیترین شیعری ئۆنتۆلۆژی تەنیا لە کۆنتێکستێکی شیعریدا دەتوانێت مانابەخش بێت. بەدەربڕینێکی تر شیعرە ئەنتۆلۆژییەکان لە جیهانی سەربەخۆی خۆیاندا مانابەخش دەبن و لەوێدا دەتوانرێت پاساوی ئۆنتۆلۆژییان بۆ بهێنرێتەوە.

کێشەی سەرەکیی مەنزوومەی شیعری و شیعرییەت و شیعر ئەوەیە کە دەتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی جیهان و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەسەر ئاستی ناوەکی. بە مانایەک مەنزوومەی شیعری و شیعر، سوبێکتی شیزۆفرینیایی بەرهەمدەهێنێت.

دۆخ و کەشی ئەزموونی موقەدەس لەڕێگەی فۆرمی شیعرەوە بەنادیاری لە ساتی بەرکەوتنی لەگەڵ شیعردا بەرهەمدەهێنرێتەوە. ئەزموونی لەحزەیی شیعرییەت لەڕێگەی فۆرمی شیعرەوە جۆرێک لە ئەزمونی موقەدەس دروستدەکات کە ناڕاستەوخۆ و نادیار و پەنهانە. موقەدەسی پەنهان موقەدەسی جیهانی ناموقەدەسە. موقەدەسی پەنهان لە ڕواڵەت و دەرکەوتندا ناموقەدەسە و ئاگایی پەی بە موقەدەسبوونی نابات و ئاگایی وەک ناموقەدەس وەریدەگرێت بەڵام لە نائاگایی و نەستدا هەمان ئەزموونی موقەدەس بەرهەمدەهێنێتەوە و هەمان کەش و فەزا دەخوڵقێنێت.

ئەزمونکاری ئەزموونی موقەدەس، لە ئاگاییدا هەست بە موقەدەس دەکات و بە ئاگاییەوە شتەکە ئەزموندەکات. بەڵام ئەزمونکاری ئەزموونی شیعر لە ئاگاییدا هەست بە موقەدەس ناکات و بە ئاگایی ناموقەدەسەوە بەر شیعر دەکەوێت بەڵام لە نەست و نائاگاییدا بەر ئەزمونی موقەدەس دەکەوێت و لە ساتی ئەزموندا، ئەزمونکاری ئەزمونی موقەدەس و ئەزمونکاری ئەزموونی شیعر دەچنە یەک کەش و دۆخەوە و، هاودۆخ و هاوکەش دەبن؛ بەڵام بە دوو شێوازی جیا. هەردووکیان دۆخێک لە جەزبە و حەپەسان و خۆدانەدەست کەش و چێژیان بۆ دروستدەبێت کە لە واقیع دایاندەبڕێت و هاوکات لە گەڵ ئەزمونەکەدا دەڕۆن. لێرەدا سوبێکتی شیزۆفرینیایی دروستدەبێت و سوبێکت دەبێت بە دوولەتەوە بە شێوەیەک کە بە شێوەیەکی ناواقیعی لەگەڵ واقیعدا گفتوگۆدەکات.

شیعر، فۆرمی دەربڕینی سەردەمی گشتگیری موقەدەس بووە. تێکستە موقەدەسەکان لە فۆرمی شیعردا یان بە ستایلی شیعری دەربڕاون. موقەدەس لە فۆرمی شیعردا بەر ئەزمونکاری ئەزمونی موقەدەس کەوتووە. بەگوێرەی گۆڕینی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەر فۆرمە موقەدەسەکاندا هاتووە و لە هەر سەردەم و ژینگەیەکی جیاوازدا بە جۆرێک خۆی لە گەڵ جۆرێک لە شیعرییەت ڕێکخستووە. پاش دەرکەوتنی فۆرمەکانی تری دەربڕین، موقەدەس لە فۆرمەکانی تری دەربڕیندا خۆی

فۆرموڵە کردووە. بۆیە دەشێت موقەدەس هەبێت لە فۆرمی دەربڕینیدا شیعر نەبێت بەڵام ستراکتوری شیعری هەیە و لەڕووی بونیاد و ستراکتۆرەوە هەر شیعرە.

پاش جیابوونەوەی شیعر و موقەدەس لەسەر ئاستی ڕواڵەت، شیعر توانی لە نیگای یەکەمدا موقەدەس نەبێت و خۆی لە پانتایی ناموقەدەسدا ڕێکبخات. هیچ شیعرێک خاڵی نیە لە موقەدەس و هیچ موقەدەسێک خاڵی نیە لە شیعرییەت. هەرگیز شیعر ناتوانێت لە نیگای دووەمدا موقەدەس نەبێت و هەرگیز موقەدەس ناتوانێت هەڵگری ستراکتۆری شیعری نەبێت. بەم پێیەش ئەگەرچی شیعر لە ئێستادا لە موقەدەس جیا و تەنانەت هەندێجار هەجووی موقەدەسیشی پێدەکرێت و شیعری تەواو دونیایی و ناموقەدەسیشی پێدەوترێت بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی شیعر لە نیگای دووەمدا موقەدەس نەبێت وەک چۆن دەکرێت تێکستێکی موقەدەس هەجووی تێکستێکی تری موقەدەس بکات و هاوکات هەردوکیشیان هەر موقەدەسن. بەهەمان شێوە شیعریش ئەگەرچی لەناوەڕۆکدا دژەموقەدەسیش بێت بەڵام هەر بە قووڵی موقەدەسە لە ستراکتۆردا.

شیعر و موقەدەس وەک فۆڕم و ناوەڕۆک **گشتێکی** موقەدەس درووستدەکەن و بە شێوەی جۆراوجۆر یەکتری بەرهەمدێننەوە. فۆرمی موقەدەس دەشێت ناوەڕۆکی ناموقەدەسی پێ بخرێتەڕوو و ببێتە موقەدەسی پەنهان و ناوەڕۆکی موقەدەس دەشێت لە فۆرمی ناموقەدەسدا بخرێتەڕوو.